درێژەی لاپەڕە ٤

دوو سیستەمی سیاسی لە وڵات، ئەو دەوڵەت- نەتەوە ئێرانیە، بەردەوام بووە لە نکۆڵی و ئاسیمیلە کردنی کورد و کەم کردنەوەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە هاوکات بووە لە گەڵ سیاسەتی هاوشێوەی دەوڵەتەکانی تری داگیرکەری کوردستان.

کۆی ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی چوار وڵاتی ناوچەکە کە کوردستان لە بن داگیرکارییاندایە، لە ژێر هێژمونی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە، گیرۆدەی کلتووری دەسەڵاتی دەوڵەتەکانیان بوون، بە واتایەکی تر ، ئەو دەوڵەتانە و تایبەت ئێران، خاوەن سیستەمی ئۆلیگارشی و دینسالار ن کە تۆخمەکانی فاشیزمی نەتەوەیی و دینیان لە خۆ گرتووە و شۆڕیشیان کردووەتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی دەسەڵاتدار و مەیل بەرەودەسەڵات و نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، بە فاناتیک و دەمارگرژییەوە، فاشیزمە نەتەوەیی و دینییەکانیان کردووەتە هەوێنی دەسەڵاتێکی مەیوو کە لە گەڵ گۆڕینی هزری جیهانی و زەمەنی و کەرەستەیی، نایەتەوە، هزرینی ئەوڕۆیی جیهان، دیموکراتیکبوونە کە ڕووەو شارستانێتی دیموکراتیک هەنگاو دەنێت و ئاسۆی جیهانێکی نوێ دەخاتە بەردەم گەلان و نەتەوەکان و کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینین کە بەهۆی کلتووری دەستکردی دەسەڵاتی فاشیزمی نەتەوەیی و دینی، نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە، لە چەقبەستوویەکی ویژدانی و ڕەوشتیدا دەژین کە وزەی ستەمکاری دەبەخشن بە دەسەڵاتە سیاسییەکانیان بۆ نکۆڵی کردن لە مافی نەتەوەی کورد و کەمە نەتەوە و کەمە ئایینییەکانی ناوچەکە، لێرە دەبێ ئەوەش بووترێت کاتێک باسی کۆی ستراکتۆری کۆمەڵگەی ناوچەکە دەکرێت مەبەست کلتووری زاڵە کە دەسەڵاتە سیاسیەکانی ناوچەکەی لە سەر قاچ ڕاگرتووە، دەسەڵاتەکانی ناوچەکە گوزارشت لە کۆی کۆمەڵگە ناکات و نوێنەرایەتی کۆی کۆمەڵگەش ناکات، بەڵام ئەو دەسەڵاتە نەتەوەیی و دینییەی کە لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین حکوومەت دەکەن، کلتوورێکیان سەپاندووە بە سەر کۆی کۆمەڵگە کە پڕیەتی لە مێنتالیتە و زێهنییەتی ستەمکاری و نکۆڵی و خۆ بە ڕاست و حەق زانین و ئەوانی تر بە ناڕاست و ناحەق زانین، ئەوە چەقی زاینی ستەم و نابەرابەری و نکۆڵیکردنە کە بووەتە کلتووری دەسەڵاتداری لە ناوچەکە.

تایبەتمەندیی سرووشت، زایین و سکبوون و ئاوسبوونی دووبارە و زاینی دووبارەیە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی ژیانی ئاسایی، ئەم بەردەوام بوون و ئاوسبوون و زاینە، تایبەتمەندیی ژیانی مرۆڤیشە، مرۆڤیش خولقێنەری کلتوور و داب و نەریت و هزر و دواجار دەسەڵاتە و خۆیشی خاوەندارێتی لە دەسەڵاتەکەی دەکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لە ئاوسبوون و زایندایە بەڵام بە هۆی ئەو چەقەی کە باسمان کرد کە چەقی زاینی ستەماکاری و نکۆڵی و نابەرابەری و خۆ سەپاندنە، بەردەوام یەک سکە و یەک زاینە و خولقێنەری یەک کلتووری دەسەڵاتدارییە کە ئەویش دەسەڵاتی ستەمکاریە. مێژووی مرۆڤایەتی، پڕیەتی لە تاوان، بەڵام کارەساتەکە لەوێدایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هزری تاوان و تاوانکاری و ستەم و نکۆڵی لێکردن لە پێکهاتەکان و هەوڵ بۆ سڕینەوەیان بە شێوەی سیستماتیک و لە بەرگی ئایین و دین و شۆڤینیزمی نەتەوەییدا خۆی نوێ دەکاتەوە و دەچواتەوە سەر هەمان ڕێچکەی پێشووتری میراتە ستەمکارییەکانی کە بەها مرۆڤایەتیەکان و مافی گەردوونیی مرۆڤ بە لایەوە هیچ بەها و گرینگی و نرخێکی نییە و گوێڕایەڵی مافخوازیی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەکەی نیە.

ئەو چەقبەستووە هزرییەی دەسەڵاتداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بووەتە بیانوویەک کە لە دەرەوەی ناوچەکە دەستتێوەردانی بکرێت و هەلێک بێت بۆ دزینی سەرمایە گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە، کە لە لایەن ڕژیمەکانی ناوچەکەوە ستەمیان لێدەکرێت و سەرکوت دەکرێن. مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ناوچەکە بە باشی و ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردرخەن و تا هەنووکەش بەردەوامە.

ڕژیم و دەسەڵاتە سیاسی و ئایدئۆلۆژیکییەکانی ناوچەکە بە هۆی چەقبەستووی و قەبووڵ نەکردنی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و بێبایەخ بوونی مرۆڤ لە لایان، دارزاون و پتوورکاون، بە هۆی مێنتالیتەی پاتریاریکی و خۆ بە گەورە و خۆ بە خاوەن زانین، بە هۆی زێهنییەتی خێڵەکی و دینی و فاشیزمی نەتەوەیی، بە هۆی پەیرەو کردنی سیاسەتی ستەم و تاوان دەرحەق بە ئینسان، بۆ مانەوە و پاراستنی خۆیان و دزینی سەرمایە و سامانی گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە، زلهێز و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕوژهەڵاتییان پەلکێشی ناوچەکە کردووە. دوای ڕووخانی سۆڤییەتی تۆتالیتەر، ئەمریکا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە هێزی سەربازی خۆی و بە یاوەری وڵاتانی ڕۆژاوایی، پەلکێشی ڕۆژهەڵاتی ناوین کرا، پەلکیش کردن و هێنانی هێزی وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە، ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی ڕژیمەکانی ناوچەکە و سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەیە بە بێ جیاوازی، ئەو ڕژیم وسیستەمانەی کە گەلان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیان داوەتە بەر هێز و دەسەڵاتی ستەمکاریی خۆیان، کە پێناسەی تەواوی دەوڵەت و ڕژیمەکانی ناوچەکەیە. هەر ئەم ڕژیمانەن کە سیستەمی تاوان و ستەمکارییان دامەزراندووە و دژی هەرجۆرە گۆڕانکاری و داخوازییەکی ڕەوای نەتەوەکانی ناوچەکەن و دەیانەوێت ڕەوشی ناوچەکە بە هەمان شێوەی چەقبەستوویی خۆی بمێنێتەوە.

ڕژیمە کۆنەپارێز و ستەم پیشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە پێش بە ڕەوتی گۆڕانکاریە هزری و کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتەکانیان بگرن، بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی ئێران، بە تێچوویەکی زۆری سامانی گەلانی ئێرانی، لە هەوڵی بەردەوامی پاشخستنی گۆڕانکاریە سەردەمیەکانە کە کۆمەڵگەی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی دابڕێت. ئەم ڕژیمانەی ناوچەکە بە ماهییەتی چەقبەستوویی خۆیان، وزە و دینامۆی گۆڕانخواز و پێشکەوتنخواز و مافخوازی ناوخۆیی وڵاتەکانیان، کۆنترۆڵ و سەرکوت دەکەن و لە ئێستاشدا لە سەر هەمان عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی وڵاتن و لە ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی کە بە سەر گەلانی ناوچەکە و کۆی ناوچەکە لەم چەند دەیەی دواییدا هاتووە هیچ وانەیەک وەر ناگرن، ئەوان نابینن کە چارەنووسی چەندین وڵاتی ناوچەکە بە هۆی ستەمکارییان چیان بە سەر هات و لە ئێستادا گەلان و خەڵکی ئەو وڵاتانە لە چ دۆخێکی نالەباردا بە سەر دەبەن، تەنانەت ڕژیمەکانی ناوچەکە کاریگەریی نێگەتیڤیشیان لە سەر بەرهەڵستکار و ئۆپۆزسیۆنەکانی خۆیشیان هەبووە کە بەرهەمی کلتووری سەپێنراوی هەمان دەسەڵاتە سیاسی و ئایینی و نەتەوەییەن کە بۆ چەندین سەدەیە ناوچەکەی پێ بەڕێوە دەبرێت. نموونەی بەرچاوی ئەو جۆرە لە سیاسەت کردن لە ناوچەکە لە دوو وڵاتی وەک عێراق و سووریا دەبینین کە چ بەرهەمێکیان هەبووە.

ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە کە گەر دەسەڵاتی سیاسی هاوئاهەنگ لە گەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە جیهانی و خوازراوەکانی مرۆڤ و لە سەر هێڵی پرەنسیبە دیموکراتیکیەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و جێبەجێکەری ئەو مافانەدا نەبێت و لە هەوڵی تێکدانی بەردەوامی ژینگە بێت و کێشەی ئەمنی و تەناهیی ناوخۆیی و قەیرانی گەورەی باوەڕ و متمانەی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی بخولقێنێت و هاوکات ملنەدات بۆ ماف و ویستی هاووڵاتیان و گەلان و نەتەوەکانی نێو وڵات، قەیرانی ناوخۆیی و بشێوی و ناسەقامگیریی سیاسی لێدەکەوێتەوە کە دواجار وەک پیشەی هەموو دەسەڵاتە ستەمکار و دیکتاتۆرەکان، هەڵکوتانە سەر هاووڵاتیان بۆ کپ کردنیان دەبێتە کرداری دەسەڵات و وڵات ڕوو لە کاولبوون دەکات و دواجار دەستێوەردانی دەرەکی لێدەکەوێتەوە (نموونە زیندووەکانیشی هەنووکە لە پێش چاومانن) ، دەستێوەردانێک کە بە سەرمایەی گەلانی ناوچەکە و هاووڵاتیان تێچووەکەی و خەرجیەکەی دەدرێت. هەر دەستێوەردانێکی دەرەکی، وەک قازانج دەڕژێتە گیرفانی زلهێزە جیهانیەکان کە ڕاستەوخۆ بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆی ئەو ڕژیمانەیە کە مل بۆ داخوازییەکانی هاووڵاتیان و گەلانی ناوچەکە و نەتەوە بن دەست و داگیرکراوەکانی ناوچەکە نادەن و بە سیاسەتی نکۆڵی لێکردن لە مافی گەلان و بە زۆر خۆسەپاندن بە سەر وڵاتدا، بیانوویەک بۆ زلهێزە جیهانییەکان دەدەنە دەست کە دەستێوەردانی وڵات بکەن کە لە ڕاستیدا ئەم جۆرەی لە سیاسەت کردن و بەڕێوەبردنی وڵات کە لە ئێران و کۆی وڵاتانی ناوچەکە بەڕێوە دەچێت، زیاتر خزمەت کردنە لە ئاراستەی سیاسەتی زلهێزە جیهانییەکان کە لە هەوڵی دزینی سامانی گەلانی ناوچەکەن.

> **ئەم جۆرەی لە سیاسەت کردن و بەڕێوەبردنی وڵات کە لە ئێران و کۆی وڵاتانی ناوچەکە بەڕێوە دەچێت، زیاتر خزمەت کردنە لە ئاراستەی سیاسەتی زلهێزە جیهانییەکان کە لە هەوڵی دزینی سامانی گەلانی ناوچەکەن**

> **پەلکیش کردن و هێنانی هێزی وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە، ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتییەکەی لە ئەستۆی ڕژیمەکانی ناوچەکە و سیستەمە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکەیە بە بێ جیاوازی، ئەو ڕژیم وسیستەمانەی کە گەلان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیان داوەتە بەر هێز و دەسەڵاتی ستەمکاریی خۆیان، کە پێناسەی تەواوی دەوڵەت و ڕژیمەکانی ناوچەکەیە**

ڕژیمە سیاسییەکانی ناوچەکە و تایبەت ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە، بە هەموو هێز و توانایی ڕاگەیاندنی و دەزگا گەروە پرۆپاگەندەیی و پەروەردەیی و ئایدئۆلۆژیکی و ئایینییەکانیان و بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی بەردەوام قۆرمیژکراوی شۆڤینیزمی نەتەوەیی و ئایینی و فاشیزمی نەتەوەیی و پیرۆزکردنی خاک و نەخشەی جوگرافیای داگیرکراو (بۆ نموونە ئێرانی بۆزۆرگ)، لە هەوڵی بەدناو کردن و بەکرێگیراو ناساندنی مافخوازان و لە ماف بێبەشکراوانی ناوچەکەن ( نەتەوەی کورد) و وەک بەکرێگیراوی بێگانە و دوژمن و زلهێزە جیهانییەکان، بە گەل و نەتەوە باڵا دەستەکان دەناسێنرێن کە باشترین ڕێگای کپ کردن و بێبەش کردن لە ماف بوو بۆ ئەو گەلانەی کە مافیان لێ زەوت کراوە، گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو جۆرە لە سیاسەت کردن بووەتەوە و داگیرکەرانی کوردستان هەموو ڕێگایەکی سەرکوت و کپ کردنی دەنگی گەل و نەتەوەی کوردیان گرتووەتە بەر و تا هەنووکە تێیدا سەرکەوتوو بون بەو چاوەی کە دەیبینین کە نەتەوە و گەلانی باڵا دەستی ناوچەکە لە ئاستی ستەم لە گەلی کورد بێدەنگن و تا ڕادەیەکیش هاوڕای دەسەڵات و ڕژیمە سیاسیەکانی وڵاتەکەیانن بەرامبەر بە کورد، بەڵام کورد بە ڕێکخستنی خۆی لە ستاتۆسێکی شۆڕشگێڕانەی ئاشتیخوازانەدا بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک، لە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ئەو جۆرە لە سیاسەتبازیی دەوڵەتە داگیرکەردەکانی بووە، دەستپێکی سەدەی بیست و یەک زۆرێک لە هاوکێشەکانی گۆڕی و گۆڕانکاری گەورە لە ئاستی جیهان لە هەموو بوارێکدا ڕوویدا .

لە بەرەبەیانی دەستپێکردنی سەدەی بیست و یەک و کۆتاییەکانی سەدەی بیست، ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو بە چەقی ململانێ سیاسیە جیهانیەکان، پێشتر ئاماژەم پێکرد کە هەر ئەم دەوڵەتـانەی نـاوچەکە و فاشیزمی نەتەوەیی و ئایینی...

درێژەی لە ٦